بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

الَر تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ وَقُرْآنٍ مُّبِينٍ (1)

سەرنجی سەرەتای سوورەتی (البقرة) بدە، ئەم (سورەتەش) لەئایەتەکانی کتێبە(پیرۆزەکەیە) و قورئانێکی ڕوون و ئاشکرایە.

رُّبَمَا يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْ كَانُواْ مُسْلِمِينَ (2)

لەوانەیەبێباوەڕان (لەئایندەیەکی نزیکدا) ئاواتەخواز بن کەخۆزگەموسوڵمان بوونایە، خۆزگەئیماندار بوونایە.

ذَرْهُمْ يَأْكُلُواْ وَيَتَمَتَّعُواْ وَيُلْهِهِمُ الأَمَلُ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ (3)

جارێ وازیان لێبێنەبا بخۆن و ڕابوێرن، نەهیوا و ئاواتی (بچوک و منداڵانەوە) سەرگەرم بن، سەرئەنجام خۆیان دەبیننەوە(کەچیان بەسەر دێت).

وَمَا أَهْلَكْنَا مِن قَرْيَةٍ إِلاَّ وَلَهَا كِتَابٌ مَّعْلُومٌ (4)

هیچ شارو شارۆچکەیەکمان وێران نەکردووەتا ماوەیەک مۆڵەتمان نەدابێت.

مَّا تَسْبِقُ مِنْ أُمَّةٍ أَجَلَهَا وَمَا يَسْتَأْخِرُونَ (5)

هیچ میللەتێک و گەلێک پێش کاتی دیاریکراوی لەناوبردنی خۆی نەکەوتووە(وەهەرگیز) دواش ناکەوێت.

وَقَالُواْ يَا أَيُّهَا الَّذِي نُزِّلَ عَلَيْهِ الذِّكْرُ إِنَّكَ لَمَجْنُونٌ (6)

(خوانەناسان بەگاڵتەوەبەپێغەمبەر صلی اللەعلیەوسلم) دەڵێن: ئەی ئەو کەسەی کەقورئانت لەئاسمانەوەبۆ دابەزیوە، تۆ شێتی!!

لَّوْ مَا تَأْتِينَا بِالْمَلائِكَةِ إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ (7)

ئەگەر تۆ لەدەستەی ڕاستگۆیانی فریشتەمان بۆ بێنەتا (شایەتی ڕاستی تۆ بن).

مَا نُنَزِّلُ الْمَلائِكَةَ إِلاَّ بِالحَقِّ وَمَا كَانُواْ إِذًا مُّنظَرِينَ (8)

ئێمەفریشتەدانابەزێنین بۆ چەسپاندنی حەق و پشتگیری حەق و ڕاستی نەبێ، ئەو کاتەش مۆڵەت نادرێن و (لەناو دەبرێن).

إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ (9)

بەڕاستی هەر ئێمەقورئانمان دابەزاندووەو هەر ئێمەش پارێزگاری دەکەین و (نایەڵین دەستی خیانەتکار هیچ جۆرەدەستێکی تێ بخات).

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِي شِيَعِ الأَوَّلِينَ (10)

ئێمەپێغەمبەرانی (ترمان پێش تۆ) ڕەوانەکردووەبۆ سەر گەل و هۆزو میللەتانی پێشو.

وَمَا يَأْتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلاَّ كَانُواْ بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ (11)

هیچ پێغەمبەرێکمان ڕەوانەنەکردووەکە(خوانەناسان) گاڵتەیان پێ نەکردبێت.

كَذَلِكَ نَسْلُكُهُ فِي قُلُوبِ الْمُجْرِمِينَ (12)

ئا بەو شێوەیەئێمە(قورئان) دەدەین بە(گوێ و) دڵی تاوانباران و تاوانکاراندا (تا بەڵگەبێت لەسەریان).

لاَ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَقَدْ خَلَتْ سُنَّةُ الأَوَّلِينَ (13)

(بەڵام هەر) باوەڕ و ئیمان ناهێنن، هەر لەسەر بەرنامەی پێشینان دەڕۆن (ئەوانەیان کەباوەڕیان نەکردووەو سەرئەنجام لەناو بران).

وَلَوْ فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا مِّنَ السَّمَاءِ فَظَلُّواْ فِيهِ يَعْرُجُونَ (14)

(ئەو بێ دینانە) ئەگەر دەروازەیەکیان لەئاسمانەوەبۆ بکەینەوەتا پیا تێپەڕن و (نهێنی دروستکراوانی ئێمەببینن).

لَقَالُواْ إِنَّمَا سُكِّرَتْ أَبْصَارُنَا بَلْ نَحْنُ قَوْمٌ مَّسْحُورُونَ (15)

دەڵێن: چاوبەستمان لێ کراوە، یاخود ئێمەکەسانێکی جادوولێکراوین!!

وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِي السَّمَاء بُرُوجًا وَزَيَّنَّاهَا لِلنَّاظِرِينَ (16)

بەڕاستی ئێمەلەئاسماندا ئەستێرەی (گەورەمان) بەدیهێناوە، وەڕازاندومانەتەوەبۆ تەماشاچییان.

وَحَفِظْنَاهَا مِن كُلِّ شَيْطَانٍ رَّجِيمٍ (17)

هەروەها پاراستومانەلە(پیلان و دەست درێژی) هەموو شەیتانێکی ڕەجمکراوو نەفرین لێکراو.

إِلاَّ مَنِ اسْتَرَقَ السَّمْعَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ مُّبِينٌ (18)

بەڵام ئەگەر یەکێ (لەو شەیتانانە) بەرزبۆوەبۆ ئەوەی هەواڵێ بدزێ، خێرا پارچەئەستێرەیەک بۆی دەکشێت و (تەفرو تونای دەکات).

وَالأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ (19)

زەویشمان بڵاوکردۆتەوە، چیاو کێوەکانمان لەسەر داناوە، لەهەموو جۆرەڕوەک و هەموو بابەتێکمان بەشێوەیەکی ڕێک و پێک تیا دابین کردووە.

وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَايِشَ وَمَن لَّسْتُمْ لَهُ بِرَازِقِينَ (20)

لەسەر زەویدا ژیانی ڕۆژانەمان بۆ ئێوەئامادەکردووە، هەروەها بۆ ئەوانەش کەئێوەناتوانن زۆریان پێ بگەیەنن.

وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلاَّ عِندَنَا خَزَائِنُهُ وَمَا نُنَزِّلُهُ إِلاَّ بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ (21)

هیچ شتێک نیه(لەبەهرەو نازو نیعمەتەکان) کەگەنجینەکانی لای ئێمەنەبێت ئێمەنایبەخشین بەئەندازەیەکی دیاریکراوو (لەکاتی لەباردا نەبێت.

وَأَرْسَلْنَا الرِّيَاحَ لَوَاقِحَ فَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَسْقَيْنَاكُمُوهُ وَمَا أَنتُمْ لَهُ بِخَازِنِينَ (22)

ئێمەبامان کردووەبەهۆی ترۆکانی ڕووەک و دارو درەخت، وەهەر بەهۆی باوە، باران لەئاسمانەوەدەبارێنین و ئێوەی پێ تێرئاو دەکەین. (سەرەڕای کشتوکاڵ و زیندەوەران) بێ ئەوەی ئێوەئاوانەتان زەخیرەکردبێ (ئێمەلەژێر زەویدا بۆمان دابینکردوون، بەهۆی کانی، یاخود بیرەوەدەستتان دەکەوێت).

وَإِنَّا لَنَحْنُ نُحْيِي وَنُمِيتُ وَنَحْنُ الْوَارِثُونَ (23)

بەڕاستی هەر ئێمەژیان دەبەخشین و مردنیش پێش دێنین، وەهەر ئێمەش سەرئەنجام خاوەنی هەموو (جیهانین و) بەتەنیا دەمێنینەوە.

وَلَقَدْ عَلِمْنَا الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنكُمْ وَلَقَدْ عَلِمْنَا الْمُسْتَأْخِرِينَ (24)

بێگومان ئێمەئاگاداری پێشینانی ئێوەین، هەروەها ئاگاداری نەوەکانی داهاتوویشین.

وَإِنَّ رَبَّكَ هُوَ يَحْشُرُهُمْ إِنَّهُ حَكِيمٌ عَلِيمٌ (25)

بەڕاستی پەروەردگاری تۆ هەر خۆی هەمووان کۆدەکاتەوە، وەهەر ئەو زاتەش داناو زانایە.

وَلَقَدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ مِن صَلْصَالٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ (26)

ئاشکرایەئێمە(سەرەتا) ئینسانمان لەگڵێکی وشک دروستکرد کەپێشتر خۆڵێکی ڕەشباو بوو (تێکەڵ بەئاو کرا) تا ترشا.

وَالْجَآنَّ خَلَقْنَاهُ مِن قَبْلُ مِن نَّارِ السَّمُومِ (27)

پەریەکانیشمان پێشتر لەئاگری بڵێسەدار دروستکردن.

وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلاَئِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِّن صَلْصَالٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ (28)

بەیاد بێنەکاتێ پەروەردگارت بەفریشتەکانی وت: من بڕیارم داوەبەشەرێک دروست بکەم لەگڵی وشک کەپێشتر خۆڵی ڕەشەباو بووەو (کاتێک تێکەڵ بەئاو کراوە) ترشاوە.

فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُ سَاجِدِينَ (29)

هەرکاتێ کەبەرپام کردوو تەواوم کردوو، لەو ڕۆحەتایبەتیەی کەمن خاوەنی ئەوم، پێم بەخشی هەمووتان کڕنوشی بۆ بەرن (کڕوونشی ڕێز، وەبەرفەرمانی خوا).

فَسَجَدَ الْمَلآئِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ (30)

فریشتەکان (فەرمانی پەروەردگاریان بەجێهێناو) هەموویان کڕنوشیان برد.

إِلاَّ إِبْلِيسَ أَبَى أَن يَكُونَ مَعَ السَّاجِدِينَ (31)

جگەلەئیبلیس (شەیتانی گەورە) ملکەچ و فەرمانبەردار نەبوو وەنەچووەڕیزی کڕنوش بەرانەوە.

قَالَ يَا إِبْلِيسُ مَا لَكَ أَلاَّ تَكُونَ مَعَ السَّاجِدِينَ (32)

(خوا) فەرمووی: ئەی ئیبلیس ئەوەبۆچی تۆ لەگەڵ کڕنوش بەراندا نەبوویت.

قَالَ لَمْ أَكُن لِّأَسْجُدَ لِبَشَرٍ خَلَقْتَهُ مِن صَلْصَالٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ (33)

(شەیتان) وتی: من چۆن کڕنوش دەبەم بۆ بەشەرێک کەلەگڵی وشک و پێشتر خاکی ترشاو دروستت کردووە.

قَالَ فَاخْرُجْ مِنْهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٌ (34)

(خوا) فەرمووی: (مادام لەفەرمانی من سەرپێچی دەکەی، دەبێ لەم شوێنەنەمێنی) دەرچۆ، چونکەتۆ ئیتر نەفرین لێکراوی.

وَإِنَّ عَلَيْكَ اللَّعْنَةَ إِلَى يَوْمِ الدِّينِ (35)

نەفرینت لەسەرەهەتا ڕۆژی قیامەت (وەبۆ هەتا هەتایی).

قَالَ رَبِّ فَأَنظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ (36)

شەیتان وتی: پەروەردگارا، مۆڵەتم بدەهەتا ئەو ڕۆژەی زیندوودەبنەوە.

قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ الْمُنظَرِينَ (37)

خوا فەرمووی: بێگومان تۆ لەمۆڵەت پێدراوانیت.

إِلَى يَومِ الْوَقْتِ الْمَعْلُومِ (38)

تا ڕۆژوو کاتی دیاریکراو.

قَالَ رَبِّ بِمَآ أَغْوَيْتَنِي لأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِي الأَرْضِ وَلأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ (39)

ئیبلیس (بەبوغزو کینەو حەسادەتەوە) وتی: پەروەردگارا، مادام بەهۆی (ئەم ئینسانەوە) منت سەرلێ شێواو کرد، شەرت بێ لەزەویدا (هەموو گوناهو تاوان و لادانێکیان) لا جوان و شیرین بکەم، وەهەر هەموویان سەرلێشێواوو سەرگەردان بکەم.

إِلاَّ عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ (40)

جگەلەبەندەدڵسۆزەکانی خۆت نەبێ (چونکەدڵیان بەباوەڕ بەتۆو یادی تۆ ئاوەدانە، هەوڵ و کۆششی من بۆ وێڵ کردنیان ناکامە).

قَالَ هَذَا صِرَاطٌ عَلَيَّ مُسْتَقِيمٌ (41)

خوای گەورەفەرمووی: ئا ئەو ڕێگەو ڕێبازەڕاست و دروستەهەر بۆلای من دێت و هەر من چاودێری دەکەم.

إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ إِلاَّ مَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْغَاوِينَ (42)

بەڕاستی بەندە(پاک و چاکەکانی من) بەتۆ فریو نادرێن وەتۆ دەسەڵاتت نیەبەسەریاندا، جگەلەوانەی کەسەرکەش و یاخی و سەرگەردانن و (گوێ لەمستی تۆ دەبن).

وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمَوْعِدُهُمْ أَجْمَعِينَ (43)

بێگومان دۆزەخ شوێنی هەر هەموو ئەوانەیە.

لَهَا سَبْعَةُ أَبْوَابٍ لِّكُلِّ بَابٍ مِّنْهُمْ جُزْءٌ مَّقْسُومٌ (44)

حەوت دەروازەی (گەورەی) هەیە، هەر دەروازەیەکیشی چەند (دەرگاو) چەند بەشێکە(دەستەی دۆزەخییان، بەگوێرەی تاوان و گوناهیان ڕاپێچ دەکرێن بۆ ناوی).

إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ (45)

(لەولاشەوە) خواناس و پارێزکاران لەناو بەهەشت و کانیاوە(سازگارەکاندا، ژیانی خۆشی و شادی دەبەنەسەر).

ادْخُلُوهَا بِسَلاَمٍ آمِنِينَ (46)

(پێیان دەوترێ، فەرموون) بچنەناوی بەسەلامەتی و سەلامتان لەسەر بێ و ژیانی پڕ لەئاسوودەیی تیایدا بەرنەسەر.

وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ إِخْوَانًا عَلَى سُرُرٍ مُّتَقَابِلِينَ (47)

وەهەرچی کینەو بوغزەلەدڵ و دەروونیاندا دەرمان کێشاو ئەو بەختەوەرانەلەسەر کورسی و قەنەفەڕازاوەکان برای یەکن و لەبەرانبەر یەکترەوە(لەبەیەکگەیشتنەوەیەکی پڕ سۆزو خۆشەویستیدا، تەماشای

یەکتر دەکەن و، سەلام لەیەکتر دەکەن و سوپاس و ستایشی پەروەردگار دەکەن).

لاَ يَمَسُّهُمْ فِيهَا نَصَبٌ وَمَا هُم مِّنْهَا بِمُخْرَجِينَ (48)

هیچ جۆرەبێتاقەتی و بێزاری و ناخۆشی و پەستیەک ڕوویان تێناکات، وەهەرگیز لەو (بەهەشتە) دەرناکرێن.

نَبِّئْ عِبَادِي أَنِّي أَنَا الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (49)

(ئەی پێغەمبەر) هەواڵ بدەبەبەندەکانم کەمن بەڕاستی لێخۆشبوو و میهەربانم (بۆ ئەوانەی باوەڕدارو تەوبەکارن).

وَ أَنَّ عَذَابِي هُوَ الْعَذَابُ الأَلِيمَ (50)

وەسزاو تۆڵەی منیش، سزاو ئازارێکی زۆر بەئێشە(ئامادەم کردووەبۆ بێ باوەڕ و سەرکەش و یاخیەکان).

وَنَبِّئْهُمْ عَن ضَيْفِ إِبْرَاهِيمَ (51)

هەروەها هەواڵیان بدەرێ دەربارەی میوانەکانی ئیبراهیم.

إِذْ دَخَلُواْ عَلَيْهِ فَقَالُواْ سَلامًا قَالَ إِنَّا مِنكُمْ وَجِلُونَ (52)

کاتێک کە(کوتوپڕ خۆیان کرد بەماڵداو) وتیان: سڵاو (ئیبراهیم دوای وەڵامدانەوەی سڵاوەکەیان) وتی: (ئێوەکێن؟) بەڕاستی ئێمەلێتان دەترسین!!

قَالُواْ لاَ تَوْجَلْ إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلاَمٍ عَلِيمٍ (53)

(فریشتەکان) وتیان: مەترسە(ئێمەلەلایەن خواوەڕەوانەکراوین)، وەئێمەمژدەی (لەدایکبوونی) کوڕێکی زانات پێدەبەخشین.

قَالَ أَبَشَّرْتُمُونِي عَلَى أَن مَّسَّنِيَ الْكِبَرُ فَبِمَ تُبَشِّرُونَ (54)

(ئیبراهیم) وتی: کاتێ مژدەدەم دەدەنێ کەئاوا پیربووم و بەساڵا چووم.. مژدەی چیم دەدەنێ؟!

قَالُواْ بَشَّرْنَاكَ بِالْحَقِّ فَلاَ تَكُن مِّنَ الْقَانِطِينَ (55)

(فریشتەکان) وتیان: بەڕاستی مژدەت دەدەینێ، نەکەی لەو کەسانەبیت کەنائومێدن لە(بەخششەکانی خوا).

قَالَ وَمَن يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ رَبِّهِ إِلاَّ الضَّآلُّونَ (56)

(ئیبراهیم) وتی: کێ نائومێد دەبێ لەڕەحمەت و بەخششەکانی پەروەردگاری، مەگەر کەسانی گومڕاو سەرگەردان.

قَالَ فَمَا خَطْبُكُمْ أَيُّهَا الْمُرْسَلُونَ (57)

ئینجا (دوای ئەوەی دڵنیابوو لێیان) وتی: (ئەی فریشتەکان) ئەی نێردراوەکان (جگەلەم مژدەیە) چ کارێکی ترتان بەدەستەوەیە؟!

قَالُواْ إِنَّا أُرْسِلْنَا إِلَى قَوْمٍ مُّجْرِمِينَ (58)

(فریشتەکان) وتیان: ئێمەنێردراوین بۆ سەر قەوم و هۆزێکی زۆر تاوانبار.

إِلاَّ آلَ لُوطٍ إِنَّا لَمُنَجُّوهُمْ أَجْمَعِينَ (59)

بێجگەلەلوط و خانەوادەکەی نەبێت کەهەموویان ڕزگار دەکەین.

إِلاَّ امْرَأَتَهُ قَدَّرْنَا إِنَّهَا لَمِنَ الْغَابِرِينَ (60)

جگەلەهاوسەرەکەی کەبڕیارمان داوەئەویش لەگەڵ تیاچووەکاندا تیابەرین (چونکەبێباوەڕن).

فَلَمَّا جَاء آلَ لُوطٍ الْمُرْسَلُونَ (61)

(دوای ئەوەی حەزرەتی ئیبراهیم یان بەجێهێشت ڕووەو شارەکەی لوط ڕۆشتن) کاتێ ئەو فرستادەفریشتانەگەیشتنەناو خانەوادەی لوط..

قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ مُّنكَرُونَ (62)

پێی وتن: (داوای لێبوردن دەکەین، جەنابتان کێن؟) ئێمەئێوەناناسین..

قَالُواْ بَلْ جِئْنَاكَ بِمَا كَانُواْ فِيهِ يَمْتَرُونَ (63)

(دوای ئەوەی فریشتەکان خۆیان پێ ناسان) وتیان: هاتووین بۆ ئەوەی (ئەو هەڕەشانەی تۆ دەتکردو ئەو بێ ڕەوشتانەگومانیان لێی هەبوو، وەبڕوایان پێی نەبوو) بیهێنینەدی.

وَأَتَيْنَاكَ بَالْحَقِّ وَإِنَّا لَصَادِقُونَ (64)

(ئەمڕۆ ئیتر) بۆ بەرپاکردنی ئەو ڕاستیەهاتووین و ڕاستیش دەڵێین.

فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ مِّنَ اللَّيْلِ وَاتَّبِعْ أَدْبَارَهُمْ وَلاَ يَلْتَفِتْ مِنكُمْ أَحَدٌ وَامْضُواْ حَيْثُ تُؤْمَرُونَ (65)

بەشێکی شەو بمێنێ خۆت و خانەوادەت دەرچن و بڕۆن و تۆ لەدوای هەموویانەوە، با هیچ کامتان ئاوڕ نەداتەوە، بڕۆن بەرەو ئەو شوێنەی کەفەرمانتان پێ دەدرێت.

وَقَضَيْنَا إِلَيْهِ ذَلِكَ الأَمْرَ أَنَّ دَابِرَ هَؤُلاء مَقْطُوعٌ مُّصْبِحِينَ (66)

ئێمە(لوط)مان دڵنیا کرد کەلەبەرەبەیاندا دوای ئەوانەهەمووی بڕاوەو دەیاریان نەماوە.

وَجَاء أَهْلُ الْمَدِينَةِ يَسْتَبْشِرُونَ (67)

ئینجا خەڵکی (ناپوخت و بێ ڕەوشتی شار، زانیان بەمیوانەبەڕێزەکان) هاتن (بەگرمەو گاڵەوەو) مژدەی (ناپوختییان) دەدا بەیەکتری.

قَالَ إِنَّ هَؤُلاء ضَيْفِي فَلاَ تَفْضَحُونِ (68)

(لوط) وتی: ئەوانەمیوانی منن و حەیای من مەبەن، شەرمەزارم مەکەن.

وَاتَّقُوا اللَّهَ وَلاَ تُخْزُونِ (69)

لەخوا بترسن و ڕیسوام مەکەن.

قَالُوا أَوَلَمْ نَنْهَكَ عَنِ الْعَالَمِينَ (70)

(شەڕواڵ پیس و ناپوختەکان) وتیان: ئەی نەمان وت تۆ حەقی ئەو خەڵکەت نەبێ!

قَالَ هَؤُلاء بَنَاتِي إِن كُنتُمْ فَاعِلِينَ (71)

(لوط) وتی: ئا ئەوانە(ئافرەتانی شار) هەموو کچی منن (ئەگەر دەتانەوێ ئەوانەتان لێ مارەدەکەم، تا ئارەزووی خۆتان لەڕێگەی دروستی خۆیەوەئەنجام بدەن) ئەگەر ئامادەن.

لَعَمْرُكَ إِنَّهُمْ لَفِي سَكْرَتِهِمْ يَعْمَهُونَ (72)

(ئەی محمد صلی اللهعلیەوسلم) سوێند بەگیانی تۆ ئەوانەلەسەرگەردانیدا وەک سەرخۆشیان لێ هاتبوو.

فَأَخَذَتْهُمُ الصَّيْحَةُ مُشْرِقِينَ (73)

هەر لەبەرەبەیاندا دەنگێکی سامناک و بوومەلەرزەیەخەی پێ گرتن.

فَجَعَلْنَا عَالِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِمْ حِجَارَةً مِّن سِجِّيلٍ (74)

ئینجا شارەکەمان ژێرەو ژوور کرد، وەبەسەنگ گڵ بەردبارانمان کرد.

إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِّلْمُتَوَسِّمِينَ (75)

بێگومان ئا لەو بەسەرهاتەدا بەڵگەو نیشانەی زۆری هەیەبۆ کەسانی ژیرو هۆشمەند.

وَإِنَّهَا لَبِسَبِيلٍ مُّقِيمٍ (76)

ئەو شارەوێرانەدەكەوێتەسەرەڕێی كاروانەوەو (نیشانەی خەشم و قینی خوایەلەبێ ڕەوشتان، تا خەڵكی تێفكرن).

إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لِّلْمُؤمِنِينَ (77)

لەو بەسەرهاتەدا بەڵگەو نیشانەیەكی ڕوون و ئاشكرا دەردەكەوێ بۆ ئیمانداران (كەهێزو دەسەلاتی پەروەردگاریان بێ سنوورەو لەكاتی لەباردا دەیخاتەكارو شارو دێهاتی خوانەناسان و بێ ڕەوشتان كاول دەكات).

وَإِن كَانَ أَصْحَابُ الأَيْكَةِ لَظَالِمِينَ (78)

دانیشتوانی باخچەو باخ و باخاتەكانیش (وەكو قەومی لوط) ستەمكار بوون.

فَانتَقَمْنَا مِنْهُمْ وَإِنَّهُمَا لَبِإِمَامٍ مُّبِينٍ (79)

ئێمەتۆڵەمان لەوانیش سەند، هەردوو شوێنەوارەكەبەئاشكرا دیارن (كەچیمان بەسەر هێناون).

وَلَقَدْ كَذَّبَ أَصْحَابُ الحِجْرِ الْمُرْسَلِينَ (80)

دانیشتوانی (حجر)یش پێغەمبەرانیان بەدرۆخستەوە(حجر: شوێنێكەلەنێوان تەبوك و مەدینەدا، قەومی ثەمودی تیا ژیاوە).

وَآتَيْنَاهُمْ آيَاتِنَا فَكَانُواْ عَنْهَا مُعْرِضِينَ (81)

ئێمەنیشانەو (معجزة)كانی خۆمانمان نیشان دان بەڵام ئەوان گوێیان پێ نەداو پشتیان تێكرد.

وَكَانُواْ يَنْحِتُونَ مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا آمِنِينَ (82)

ئەوانە لەچیاکاندا خانووبەرەیان دەتاشی و، بەئاسودەییەوەژیانیان تیا دەبردەسەر.

فَأَخَذَتْهُمُ الصَّيْحَةُ مُصْبِحِينَ (83)

ئەوانیش دەنگێکی سامناک و بوومەلەرزەیەکی سەخت یەخەی پێ گرتن (چونکەیاخی بوون لەدینداری و خواپەرستی).

فَمَا أَغْنَى عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَكْسِبُونَ (84)

ئەو کاروکردەوەو (شوێنەسەختانەیان) فریایان نەکەوت و (لەتۆڵەی خوایی نەپیاراستن).

وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا إِلاَّ بِالْحَقِّ وَإِنَّ السَّاعَةَ لآتِيَةٌ فَاصْفَحِ الصَّفْحَ الْجَمِيلَ (85)

ئێمەئاسمانەکان و زەوی و هەرچی وا لەنێوانیاندایەدروستمان نەکردووەبۆ مەبەستی چەسپاندنی حەق و ڕاستی نەبێ (هیچ شتێك لەدروست کراوان بێ مەبەست نیە، هیچ شتێك بێ ئامانج نیە..)، بەڕاستی ڕۆژی قیامەتیش (بەڕێوەیەو) هەر دێت، وەتو (ئەی پێغەمبەر، ئەی ئیماندار) بەشێوازێکی جوان چاوپۆشیی بکەو ببورە(لەڕەفتاری نادروستی نەفامان).

إِنَّ رَبَّكَ هُوَ الْخَلاَّقُ الْعَلِيمُ (86)

بەڕاستی پەروەردگاری تۆ هەر خۆی بەدیهێنەرێکی زۆر شارەزاو زاناو لێزانە.

وَلَقَدْ آتَيْنَاكَ سَبْعًا مِّنَ الْمَثَانِي وَالْقُرْآنَ الْعَظِيمَ (87)

(ئەی پێغەمبەر صلى اللهعليەوسلم) ئێمەحەوت ئایەتمان پێداوی (کەبریتیەلەسوورەتی فاتحە) هەروەها قورئانی گەورەو مەزنیشمان (پێ بەخشیوی).

لاَ تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَى مَا مَتَّعْنَا بِهِ أَزْوَاجًا مِّنْهُمْ وَلاَ تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَاخْفِضْ جَنَاحَكَ لِلْمُؤْمِنِينَ (88)

چاوەکانت مەبڕەئەو ژن و مێردانەی کەلەهەندێک نازو نیعمەتی دنیاو بەهرەوەرمان کردوون، خەفەت مەخۆ لێیان (کاتێ کەدەبینی شوێنی حەق ناکەون و ڕێبازی چەوت دەگرن)، باوەشی خۆت بکەرەوەبۆ ئیمانداران (واتەخۆشت بوێن و بەسۆز بەبۆیان).

وَقُلْ إِنِّي أَنَا النَّذِيرُ الْمُبِينُ (89)

وەبڵێ: کەمن بێدارخەرەوەیەکی ئاشکراو دیارم (ئەگەر سەرکەشی بکەن سەرئەنجامی سامناک چاوەڕێتانە).

كَمَا أَنزَلْنَا عَلَى المُقْتَسِمِينَ (90)

هەروەها (کتێبی ئاسمانیان دابەزاندووەبۆ جوولەکەو گاورەکانیش) بەڵام بەش بەشیان کرد (باوەڕ بەهەندێکی دەکەن و پەیڕەوی هەندێکی ناکەن، یاخود بەشێکی زۆریان دەستکاری کردووە).

الَّذِينَ جَعَلُوا الْقُرْآنَ عِضِينَ (91)

ئەوانەی کەڕایان دەربارەی قورئان جۆراوجۆرە، بەهەندێکی باوەڕیان هەیەو، هەندێکی ناچێتەمێشکیانەوە، یاخود هەندێکی پەیڕەوی دەکەن و هەندێکی پەیڕەوی ناکەن.

فَوَرَبِّكَ لَنَسْأَلَنَّهُمْ أَجْمَعِيْنَ (92)

سوێند بەپەروەردگارت پرسیار لەهەموویان دەکەین و (لەبیروباوەڕی هەموویان دەکۆڵینەوە).

عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ (93)

هەروەها لەکارو کردەوەو ڕەفتاریشیان دەپرسنەوە.

فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ (94)

هەر فەرمانێکت پێ دراوە(ئەی محمد صلی اللەعلیەوسلم بەڕێکوپێکی) ئەنجامی بدەوەگوێ مەدەبەبوختان و ڕەفتاری مەشریکەکان.

إِنَّا كَفَيْنَاكَ الْمُسْتَهْزِئِينَ (95)

ئێمەتۆ دەپارێزین (لەشەڕو پیلانی) گاڵتەچی و گاڵتەجاڕەکان.

الَّذِينَ يَجْعَلُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ (96)

ئەوانەی کەلەگەڵ پەرستنی خوادا خوایەکی تر دەپەرستن، لەئایندەدا هەموو ڕاستیەکان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ (97)

ئێمەچاک دەزانین کەدڵی تۆ تەنگ دەبێ بەگوفتاری نابەجێی (خوانەناسان).

فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُنْ مِنَ السَّاجِدِينَ (98)

(لەهەموو کاتێکدا، بەتایبەت لەکاتی دڵتەنگیدا) تەسبیحات و سوپاس و ستایشی پەروەردگارت بکەو لەڕیزی سوژدەبەراندا بە.

وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّى يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ (99)

بەردەوام پەروەردگارت بپەرستەهەتا مردن یەخەت پێ دەگرێت (ئەو کاتەئیتر بەیەکجاریی ڕزگارت دەبێت لەهەموو ناخۆشیەکان).